# دەســـــتە جلـــێكی ناســـك بـــۆ مـــاڵ



خانمـــان دەتوانـــن لە ڕێگـــەی جلوبەرگە ناسكەكان، بە شێوەیەكی ناسكتر جەستەیان نیشـــان بدەن، بە تایبەتـــی كاتێك لە ماڵ دەبن، چونكە جوانی لە ماڵەوەش پێویستی هەیە و دەبێ گشت خانمێك سەرەنجراكێشی و جوانی پێوە دیار بێت، چەندین دەستە جل هەن دەكرێت سوودیان لێوە ببینرێت.

وەك ئەو دەســـتە جلـــەی پێكهاتـــووە لە : بـــۆدی و شـــۆرت – پێڵاوێكی داخراو – پشتێن – ملوانكەیەكی ناسك، لەگەڵ




# ڕۆب وەک کـــەرەســـتەیەکی



پێویســـتییەكانی كەرەستەكانی ماڵ، دەبێ لە ڕێگەی دانانی شـــێوازە تایبەتییەكان بێت، واتە دەبێ ئاگاداری گشت لایەن و كەرەستە بچووك و گەورەكانی ماڵ بین، یەكێك لەو كەرەستانەی سوودێكی تەواوی هەیە لە ماڵ، بە تایبەت بۆ دوو لایـــەن بەكاردەهێنرێت، یەكێكیان بۆ دوای دەرچوونـــە لـــە ژووری گەرماو، ئەوەی دیكەش بۆ كاتی نووستن بەكاردەهێنرێت.

مەبەســـتمان لەو كەرەســـتەیە ئەویش بریتییە لە (ڕۆب)ە جوانەكان بۆ خانمان، وەك جلێكـــی پێویســـت و تایبەت، دەبێ شـــێوەی ڕۆبەكان بە ناســـكترین شـــێوە



تۆقەیەکی ناسك لە شێوەی گوڵ بۆ قژ بەمەش دەکرێت جلەکان لە ماڵەوە بپۆشرێن یان دەکرێت لە هەندێك شوێنی تایبەتیش بپۆشرێت بۆ ئەوەی بە ناسکترین شێوە خانمان رازاوەتر بکەن.




## سەرەکی و جوان

دەربکەوێت، لەگەڵ ئەوەی بە بەرزترین پاك و خاوێنی رابگیرێت و شێوەیەکی سەرەنجراکێش لە خۆ بگرێت. بەمەش دەبێتە رێگەیە بۆ نیشاندانی بەهرەی کابانی و خانمی بۆ گشت خانمێکی ماڵ.





# دیکۆرێکی ناسک بۆ ژووری دانیشتن

زۆر جار لە دیکۆرەکانی ماڵ، ژووری دانیشتن نابێتە ئەو شوێنەی بە بەردەوامی کەسەکان دانیشن، بۆیە شوێنێکی دیکەی کراوەتر دەکرێت بە شوێنی دانیشتن، وەك رێگەیەك بۆ حەسانەوە و شوێنێکی ناسك بۆ دانیشتن، ئەمەش زیاتر لە باڵەکۆنە و سالۆنەکانی دیکەی ماڵەکەدا دادەنرێت. ئەو جۆرە دیکۆرانە بریتییە لە شوێنێکی تەرخان کراو بۆ ژووری دانیشتن.


دەبێ بە رێگەیەکی ناسك و کراوە بێت، ئەوەندە قەڵەباڵغ نەبێت و کەرەستەکانیش بە سادەیی و کراوەیی دابنرێت، بەم جۆرە دەکرێت جوانییەکی هێمن و کراوە بدرێت بەو شوێنە بۆ ئەوەی وەك بچووکراوەی ژووری دانیشتن بەکاربهێنرێت. بەمەش دەتوانین سوود لە هەر بەشێکی ماڵ وەربگرین بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێکی تایبەت بۆ دانیشتن.



# شێوازی ماکیاژ کردنی رووخاری خانمان



**خاتوو شەرمین لە سالۆن ستۆکهۆلم بۆمان ئامادە دەکات**







بۆ ئەوەی بە شێوازێکی زیرەکانە و ناسك ماکیاژێکی جوان بۆ دەم و چاو بکەین، یان شێوازی لێدانی ماکیاژ بۆتان روون دەکەمەوە لەم چەند هەنگاوانەی خوارەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی ماکیاژێکی جوان بۆ رووخسارتان ئەنجام بدەن.

- دەستپێکردن بە پاککردنەوەی دەم و چاو بە ئاو بەبێ بەکارهێنانی سابوون یان هەر ماددەیەکی دیکە.
- سەرەتا لە دانانی ئەساس دەستپێدەکەین، بە شێوەیەکی تەواو لە دەم و چاو دەدەین، ئەمەش چ بە فڵچە بێت یان بە دەست پەرتی دەکەین.
- تاوەکو تەواوی دەم و چاو ئەساسەکە دەگرێت و پاشان بۆدرای وشك لەسەر ئەساسەکە دادەنێین، تا دەم و چاو خۆی بە روونی و جوانی نیشان دەدات. دواتر دەبێ برۆ بەکەمی رەش دەکرێت و نابێ تۆخ بێت، لەگەڵ دانانی سێبەری چاو بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ رەنگ و شێوازی جل، دواتر ماسکارا بەکاردەهێنین دواتریش رمێل لە دەسپێکی چاو دەدرێت، بەڵام بۆ زیاتر زانیاری، دەبێ رمێل زۆر بە نەرمی بەکاربهێنرێت، بەبێ پەلە کردن بەکاردێت.
- دواتر دەبێ گرنگی بە روومەتەکان بدەین، ئەویش بە فڵچە لە ژێرەوەی روومەت بەرەو سەرەوە جوانی دەکەین.
- پاشان دەبێ هێلکاری لێو و دانانی رەنگێکی ناسك بۆ ئەوەی بە جوانترین شێواز دەربکەوێت، ئەمەش لە هەنگاوەکانی دانانی سووراو و دەستنیشان کردنی هێلکاری سەر لێوەکانت، ئەمەش بە رۆیشتن لەسەر خەتی لێو تاوەکو جیاوازی نەمێنێت نێوان سووراو و هێلی لێوەکان.







# جووڵە سەیرەکان لەسەر یاری ئاسنی مردن

یاری ئاسنینی مردن (سكك الحديد)، یەکێکە لەو یارییە خۆش و ترسناکانەی لە گشت شاری یارییەکانی جیهان و کوردستان هەن، وەك یارییەکی سەسوڕهێنەر ئەوەی سەربکەوێت، وادەزانێت دوا تەمەنیەتی کاتێك لەسەر ئەو ئاسنینە بە خێراییەکی زۆرەوە دەڕوات. لەگەڵ ئەوەی کەسەکان بە پشتێن و شوێنی تایبەت بەستراونەتەوە، کەچی هەردەم جێگەی مەترسی هەیە.

لەلای (مارك ویبس) ئەو یارییە لە خۆشترین یاری دادەنرێت، دەتوانێت نەوەك بە کابینە، بەڵکو بەبێ کابینە ئەو یاریە بکات، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی تایەی جوڵاو لە ژێر قاچەکانی و ڕۆیشتنی لەسەر ئاسنینەکانی مردن، بە خێراییەکی زۆر و بەبێ ترس.

## مەیموونەکانیش دەبن بە بووک و زاوا



دوای ئەوەی هاوسەرییەتی بەم دواییە بەرەو زۆر بوون ڕێگەی گرتووە و ئەمەش بەپێ ئەو هاوسەرگیرییانەی نێوان کوڕان و کچان، بەڵام وادیارە کارەکانی هاوسەرگیری لە ئێستادا بەرەو گیاندارانیش ڕێگەی گرتووە و بۆیە مەیموونەکانیش بەرەو کاری هاوسەرگیری ڕێگەیان گرتووە.

ئەو دوو مەیموونە هەریەکەیان تەمەنیان نزیکەی ٧ ساڵێك دەبێت، بۆ یەکەم جار لە وڵاتی کەنەدا کران بە بووك و زاوا، ئەوەی سەیر بێت لە ئاهەنگێکی تایبەتدا ڕێورەسمێکی تایبەت بۆ ئەو دوو مەیموونە ئامادەکرا و بە ناسکترین شێواز کارەکانیان بەڕێ کرا.

## کارە شێتەکانی



پەیوەندی نێوان خۆشەویستەکان پتەوترە لە هەر پەیوەندییەکی نێوان هەر کەسێکی دیکە، ئەمەش کاتێك خۆشەویستییە ڕاستەقینەکان لەم ڕوانگەیە دەڕوانن، بەپێ ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزی بەریتانی، هەواڵی ئەو گەنجەیان بڵاوکردەوە کاتێك لە ساتێکی جوان و ناسکدا، خۆشەویستەکەی دەمرێت. ئەنجامی مردنی ئەو کچە بۆ ئەو لایەنانەی گرتەوە..

کوڕەکە لە کاتی ناشتنی کچەکە، جلی کچەکەی پۆشیبوو کاتێك پێوەی مرد، لەگەڵ شین و گریانێکی چەند ڕۆژە بەبێ وەستان، دواتریش بۆ ماوەی (١) هەفتە بەبێ خواردن ژیانی بەسەر

ڕەنگاوڕەنگ
گوڵان
ژمارە (٧٥٤)
٢٠٠٩/١٠/٢٦

# بەکارهێنانە سەیرەکانی ئەڵماس






کەرەستە جوانەکان دەکرێت لە مادده بە نرخەکان بەکاربهێنرێن و یەکێك لەو ماددانە بریتییە لە (ماس) بە یەکێك لە بەهاترین ماددەکانی جیهان دادەنرێت و، ئەوەی سەیر بێت لە ئەڵماس نرخێکی گرانبەهای هەیە و تەنیا لە کاروباری جوانکاری ئافرەتان بەکاردەهێنرێت.

کەچی بەم دواییە ئەڵماس لە کەرەستەی دیکەشدا بەکاردەهێنرێت، لەوانە لە گلێنە و عەدەسەی چاو، بۆ ئەوەی وەك چاوەکان بە نرختر و گرانبەهاتر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا توانراوە بکرێت بە ماددەی ویلی ئوتۆمبێلەکان، ئەوەی جێگەی سەیرە ناکرێت ئەو ئوتۆمبێلە لە شوێنی گشتی رابگیرێت ئەگینا تایەکەی ئوتۆمبێلەکە دەبردرێت.



# گەنجێک بۆ خۆشەویستەکەی



برد، ئەوەی سەیر بێت (جۆن وێلدەر) ئەو کوڕە گەنجەیە و لە هەواڵێکی خۆکوشتن رزگاری بوو و نەمرد!



# پیاوێک (١٥) ژنی هێناوە نیازی زیاترە

ئەوەی دەیبینن پیاوێکە، کەس نەیتوانیوە کاری لەم جۆرە وەك ئەو پیاوەیە لە وڵاتێکی عەرەبی ژیان بەسەر دەبات، ناوی (نەسری ئەبو غلاس)ە، تەمەنی نزیکەی (٥٨) ساڵە، خەڵك تا ئەو تەمەنە بەرەو ماندووبوون و هیلاك بوون دەچێت،



کەچی ئەو پیاوە لەسەر خەباتی خۆی بەردەوامە، لەوەی دەیەوێت زۆرترین ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنێت.

تا ئێستا نزیکەی (١٥) جار ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و تا ئێستاش نزیکەی (٣١) کوڕ و کچی هەیە، لەگەڵ ٢٠ نەوە لە منداڵەکانی هەیە، لەگەڵ ئەو حاڵەتەی ژیانی، ئێستا خەریکە دەزگایەکی خێزان پێکهێنان دابمەزرێنێت ئەمەش بە داواکاری لە حکوومەتی وڵاتەکەی!

## چەقۆیەک بە (٥) کەس هەڵدەگیرێت

کەرەستە گەورەکان بە مەبەستێکی ریکلام و کاری تایبەت دروست دەکرێت، گەورەی ئەو کەرەستانە لە گشت شتێك دەردەکەوێت، بۆ ئەمجارە بیریان لە دروست کردنی گەورەترین چەقۆ کردۆتەوە و بۆیە توانیویانە دروستی بکەن، ئەمەش وەك کەرەستەیەکی بە سوود بۆ بەکارهێنانی بە چەند کەسێك بۆ شت برِین و کەرت کردن.





## دەمی خانمان کرا بە تەلەفۆن

کاتێك هەندێك لە کەرەستەکان دروست دەکرێن، دەبنە جێگەی سەرسوڕمان و سەرسامی گشت خەڵکێك، بەمەش دەتوانرێت سوودی لێوە وەربگرێت کاتێك بۆ نمایشی تایبەت یان وەك کەرەستەیەکی تایبەت و جوان هەژمار دەکرێت، لای گشت کەسێك شێوەی تەلەفۆن دیارە و ناسراوە، کەچی ئەگەر ئەو ئامێرانە ببینن باوەڕ ناکەن ئامێری تەلەفۆن بێت!

ئەو کەرەستانەی پێکهاتووە لە شێوەی دەمی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەی دووەم کە بریتییە لە لەفەیەکی هەمبوگر و ساسێکی خواردن، هەریەك لەم دوو خواردن و دەمە، بریتییە لە ئامێری تەلەفۆن بۆ قسە کردن، بۆیە لەم شێوانە دروست کراوە، بۆ ئەوەی وەك کەرەستەیەکی بازرگانی و ڕێکلام کردن کاری پێبکرێت، هەروەها بۆ نازناوێکی تایبەت لە ژمارە پێوانەییەکان.

## سادەترین بووک گواستنەوە



لە سەیرترین حاڵەتەکانی بووک گواستنەوە، بریتییە لەو حاڵەتەی لەلایەن هۆزێکی وڵاتی گانا هەیە، ئەویش بریتییە لە سادەترین و ئاسانترین ڕێورەسمی بووک گواستنەوە، تەنانەت جێگەی گاڵتەجاری و سەیر و سەمەرەی ئێمەش دەبێت کاتێك بە حاڵی بووک گواستنەوەکە دەزانین. سادەی بووک و زاوا، بریتییە لە کۆبوونەوەی تەنیاماڵی بووک و زاوا، دەبێ زاوا قەمسی شین بپۆشێت و برایەکانی بووکیش قەمیسی سپی ئەگەر هەبێت، دواتر بە مۆتۆرسکێلێك بووک و زاوا لەگەڵ برایەکانی بووك لە ماڵی بووک دەگوازرێتەوە بەرەو ماڵی زاوا.



# فێڵێکی سەیر لە بواری سەربازی!

دەکرێت لە چەندین بوار فێڵەکان بکرێت، ئەو فێڵانە تەنیا بیرۆکە و پیلانێکی تایبەتی پێویستە بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە دەربکەوێت، بە تایبەت لە بواری شەڕ و سەربازیدا، بۆ خۆ پاراستن لە دوژمن و پیلانەکانی بەرامبەر، یەکێك لەو کارە تایبەتانەی لە بواری جەنگ و سەربازی دەکرێت،



بریتییە لە فێڵی خۆشاردنەوە و دانانی دەمامکێکی تایبەت بەوەی لە شوێنی کەسە بێت.

ئەمەش لە حاڵەتەکانی ئاشکرا کردنی شوێنی قەناصەکان، ئەم کارە دەکرێت و دواتریش شوێنی دوژمن دەناسرێت و گەمارۆ دەکرێت، فێڵەکەش بریتییە لە دانانی سەرێکی ئامادەکراو لە شێوەی سەری سەربازێك، وەك لە وێنەکەدا دەبینرێت.







# گەورەترین و بچووکترین سەگ

لە گشت لایەنێك و کەرەستەیەکدا گەورە و بچووك هەن، ئەمەش دوو پێچەوانەی یەکترن و لە گشت شتێك بەدی دەکرێت، بەهۆی جیاوازی نێوان شێوە و قەبارەکانیان. نموونەش بۆ ئەو حاڵەتە ئەو دوو سەگەن، هەر یەکە پێچەوانەی ئەوەی دیکەیە لە شێوە و قەباردا، تەنانەت دەکرێت بڵێین گەورەترین و بچووکترین سەگ لە جیهان.

دوای ئەوەی لە وڵاتی ئوستراڵیا بچووکترین سەگ دەرکەوت، شێوەی تەنیا دوو ئەوەندی شخارتەیەك دەبێت، کەچی گەورەترین سەگ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و شێوەی (٢٠٠) ئەوەندەی شخارتەیەك دەبێت، بۆیە شخارتەمان کردە پێوانە، تاوەکو شێوەی هەردووکیان دەربکەوێت.

# ئۆتۆمبێلە سەیرەکان بۆ مرۆڤە درێژەکان



بۆ ئەوەی داهێنانە سەیرەکان بە چەندین کاری سەیر تێپەڕ بین، تەنانەت دەتوانین شێوازێکی سەیرتر لە پێشوودا بەدەر بخەین، دەبێ بیر لە کارە تایبەتەکان بکەینەوە بۆ ئەوەی بە جوانترین شێواز دەربکەوێت.هەندێك لە مرۆڤ هەن خاوەن جەستەیەك لەگەڵ کەرەستە سرووشتییەکان ناگونجێن، بۆیە دەبێ چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. یەکێك لەو حاڵەتانە کاتێك مرۆڤێك سەر و ملی درێژ دەبێت و لەناو ئۆتۆمبێل جێگەی نابێتەوە، بۆیە بیرۆکەیەکی تایبەتیان داناوە، ئەویش بە کون کردنی سەرەوەی شۆفیری ئۆتۆمبێلەکە تاوەکو کاکی شۆفێر سەری دەربهێنێت و بە ئاسانی ئۆتۆمبێلەکە لێبخورێت.






## خێرایی مرۆڤ وەک خێرایی ئوتۆمبێل وایە

لە شـــەقامێكی وڵاتی چین، ڕێژەیەكـــی خێرایی زۆر كەم دانراوە لەلایەن یاسای هاتوچۆی ئەو شـــارە، ئەمەش بەهۆی قەرباڵغی و مەترســـی كەوتنەوەی كارەسات و ڕووداوەكان، ئەوەی سەیر بێت ڕێژەی خێرایی بریتییە لە (٥) كیلۆمەتر لە كاتژمێرێكدا، ئەمەش دەكاتە خێرایی ڕۆیشـــتنی ئاســـایی مرۆڤ. ئەگەر وابێت بە پێ بڕوات چاكترە نەوەك ئوتۆمبێل!




## سەیرترین ئوتۆمبێل بۆ بووک و زاوا

یەكێك لە ســـەیرترین حاڵەتەكانی بووك گواستنەوە، بریتییە لەو حاڵەتەی لە وڵاتی میســـر ئەنجامدراوە، دوای ئەو پێشكەوتنە گەورەی لە بـــواری تۆكنۆلۆژیا و ئوتۆمبێلە تازەكان، كەچی وادیـــارە بـــووك و زاوا ڕۆژی ئاهەنگـــی خۆیان بە شـــڕترین ئوتۆمبێل بەڕێ كرد، ئەوەی ســـەیر بێت خاوەنی ئوتۆمبێلەكە خانمی بووكە و لەســـەر داواكاری بووكەكە ئەو ئوتۆمبێلە بۆتە ئوتۆمبێلی بووك و زاوا !



## یاری جوڵانەوەی پیتەكان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەكجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشەیەك بۆ یەكێكی تر یان لە ڕێگەی هێڵكاری پیتەكان بۆ یەكێك لە چوارگۆشـــەكان، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو كاتێك هەنگاوەكان تەواو دەبێت.

| گ | ن | ە | هـ | ن | ە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئاسانكاری: گیاندارێكی دەریاییە!


وەڵامی پێشوو : (باسكال)

## نوكـــــتە

- پیاوێك لە دەرەوە دەبێت و درەنگی پێدەچێت بچێتەوە مـــاڵ، كاتێك پیاوەكە پەیوەندی بە خێزانەكەی دەكات و دەڵێ: چیمان هەیە و چی بهێنم لەگەڵ خۆم!

خێزانەكەشی زۆر لێ تووڕە دەبێت و دەڵێت: ژەهری مار!


پیاوەكـــەش دەڵێـــت: تۆ نانی خۆت بخۆ من لـــە دەرەوە نان دەخۆم..


**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

قسەیەك مەكە كە ببێتە هۆی تووڕەبوونی بەرامبەركەت، هەوڵ بدە پەیوەندییەكانت ئاســـایی بكەیتەوە ئەویش بە بەخشینی دیارییەك، نامەیەكت پێ دەگات كە چەند نهێنییەكی گرنگی تێدایە.


**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**


باش بیر بكەوە پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدەی، بایەخ بە هەموو وردەكارییەكان بدە بـــۆ ئەوەی گرفتت نەیەتە پێش، هەســـتت چییە بە كەسی بەرامبەرت بڵێ و ئەوەندە دوای مەخە.


**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**


ئەگەر هەر بیرۆكەیەكت هەیە ئەوا ئێستا دەســـت ئەنجامی بدە لەبـــەر ئەوەی ئەم هەفتەیە بەخت دەبێتە هاوڕێت و یارمەتیدەرت دەبێت بۆ ئەوەی سەركەوتنی تێدا بەدەست بێنیت.


**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەندێـــك ئارامتر بیربكـــەوە و ڕێگایەكی تر هەڵبژێرە بەشـــێوەیەك بتوانی كۆنترۆڵی بارودۆخەكـــە بكەی، كاتەكە گونجاوە بۆ ئەوەی لە دڵت دایە بە هاوڕێكەتی بڵێی و هیچ دوودڵ مەبە.


**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


بەو شـــتە دەگەی كە ئاواتەخوازبووە پێی بگـــەی، ئەگەر خۆشەویســـتەكەت لێت تۆراوە هیچ نیگەران مەبە، پاش ماوەیەكی تر خۆی داوای لێبووردن دەكات و دووبارە دڵخۆشت دەكات.


**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پێویســـتە ڕۆژانە هەندێك لەكاتی خۆت تەرخان بكەی بۆ بیركردنەوە لە ژیانی تایبەتیت بەتایبەتی كە تۆ بە قۆناغێكی گرنگدا تێدەپەڕیت، نیگەران مەبە بەرامبەر ئایندە لە زۆربەی بوارەكاندا بەخت هاوڕێت دەبێت.

ئا/ هێمن قەسرەیی






## ئاسۆیی:

١- خاوەنی وێنەی ژمارە ١+ ئافرەت
٢- ناوێکی کوڕانەیە
٣- ئامێرێکی مۆسیقایە
٤- ویلایەتێکە لە ئەمەریکا (پ)
٥- ماڵپەڕی ئینتەرنێت واتا (پ)
٦- کچە گۆرانیبێژێکی عەرەبە (پ)- میوە (ت).
٧- ناوی یەکەیم یاریزانێکی ئیتالییە- ببوورە بە ئینگلیزی (پ).
٨- چوار پیت لە (دەمناسی)- ناوێکی کوڕانەیە.
٩- ڕێکخراوێکە سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان (پ).
١٠- بڕوانامەکی بەرزە
١١- وەکو یەکە+ خاوەنی وێنەی ژمارە (٢).
١٢- شوێنێکی گەشتیارییە لە میسر (پ).

## ستوونی:

١- شاعیرێکی کورد بوو
٢- پێچەوانەی بەدیەوە (پ).
٣- کەناڵێکی بەناوبانگی وەرزشییە (پ).
٤- ناوی یەکەمی خاوەنی وێنەی ژمارە (٣)+ سێ پیت لە رامان
٥- وەکو یەکن- چوار پیت لە (کاروان)
٦- لا+ کانزایەکە- وەکو یەکن- نیوەی پیدو
٧- رۆشنبیرێکی باکووری کوردستانە (پ) چوارپیت لە (تارین)
٨- هاژە (ت)- چی بە ئینگلیزی+ پتی
٩- تاران (ت)+ خاوەنی وێنەی ژمارە (٥).
١٠- چورا پیتی یەکەمی نەرویژ
١١- پایتەختی ئیتالیا (پ).
١٢- خاوەنی وێنەی ژمارە (٤).

## بۆ زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (برۆ بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو کاتەی لە وەرزش شتێکی گەورە دەبێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (کاتێك مردی دەشێردرێتەوە چی بەسەر دادەکرێت)
- پیتی خانەکانی (٤+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بۆ بە زمانی هەولێری)!


* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (چیمەن) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
ئەم هەفتەیە بۆت دەردەکەوێت کە هاوڕێکانت هەندێك نهێنیت لێ دەشارنەوە و باسی ناکەن کە لای تۆ زۆر گرنگن، ڕاهێنانی وەرزشی ئەنجام بدە سوودی زۆرە بۆ تەندرووستی و جەستەی تۆ.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
لەوانەیە ئەم ماوەیە کارەکانت بە باشی ئەنجام نەدەی بەهۆی چەند گرفتێکی تایبەتییەوە، بەڕێوەبەرەکەت هەست بەمە دەکات و ئاگادارترت دەکاتەوە، بۆیە مەهێڵە گرفتەکانت کاریگەری لەسەر کارەکەت درووست بکەن.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
بێ هیوا مەبە و ڕێگا مەدە نائومێدی ژیانت دابپۆشێت، هەموو کەسێك پێویستە قۆناغە سەختەکان ببڕێت، دووریت لە خۆشەویستەکەت وات لێدەکات زیاتر خۆشت بوێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
هاوڕێیەکی کۆنت دەبینی و یادگارییەکانی ڕابردووت دێنەوە یاد، دیارییەکت پێدەگات لەلایەن کەسێکی دوورەوە و زۆر دڵت پێی خۆش دەبێت، وەڵامی پرسیاری بەرامبەرەکەت بدەوە و ڕاستییەکانی پێ بڵێ.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
ترسی ئەوەت هەیە کەسە خۆشەویستەکانت لەدەست بدەی، بۆ ئەوەی ئەو گومانەت لا نەمێنێت هەستی ڕاستەقینەی خۆت دەرببڕە بەرامبەر ئەوانەی هاوڕێی تۆن و خۆشت ئەوێن.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
پێویستە ئاگاداری ئەوە بیت هەندێك کەس مەبەستیانە خۆیان بە هاوڕێ پیشان بدەن و لەلایەکی ترەوە دژایەتیت دەکەن، ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەوەیە بڕوایان پێ نەکەیت و نهێنییەکانت لایان باس نەکەیت.

hemntoni@yahoo.com